# دەبێ ئیسلام وەك سەرچاوەیەكی یاسادانان بێت!

**شاخەوان شۆڕش**

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاوپێکەتنێکدا گوتی[1]:

*ئەلحەمدولیلا ئێمە هەمووماں موسوڵمانین... نابێت ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت, ئێمە دژی ڕژێمێکی ئیسلامین, بەڵام دەبێت ئیسلام وەکو یەکێک لەسەرچاوەکانی یاسادانان بێت.*

ئەوەی سەرەوە پوختەی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە سەبارەت بە بوونی ئیسلام وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان لە بارزانی کرا.

بەر لەوەی بچمە ناو بابەتەکە, پێویستە بگوترێت, لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکاندا ئەوە دەگوترێت کەوا کوردەکان دژی ڕژێمێکی ئیسلامین و لەگەڵ ڕژێمێکی سیکولارن.
نازانم سەرکردایەتی کورد چۆن چۆنی لە ڕژێمی سیکولار گەیشتووە و چۆن سەیری سیکولاریزم دەکەن. بەڵام من هیچ گومانم لەوەدا نییە, ئەو وتەیەی سەرەوە فڕی بەسەر جیاکردنەوەی ئایین و ستاتەوە نییە و ئاماژەش بە سیستەم و ڕژێمێکی سیکولار ناکات. نازانم بارزانی بڕوای بە سیستەمی سیکولار هەیە یا نا, بەڵام ئەگەر ئەو بڕوای پێی هەبێت و ئەوە وەڵامی بێت, ئەوە واتای ئەوەیە, ئەو بەتەواوی لەسیستەمی سیکولار نەگەیشتووە و جیاکردنەوەی ئایین لە ستات ئەوها نییە.

سیستەمی سیکولار واتە لەیەکتر جیاکردنەوەی ئایین و ستات لە هەموو بوارەکاندا. واتە نابێت ئایین بەهیچ جۆرێک تێکەڵی دەزگا و دامەزراوەکانی ستات بکرێت. ئەوجا ئەوە بواری یاسادانان و جێبەجێکردن وەکویەک دەگرێتەوە. بەمجۆرە پرۆسەی یاسادانان و یاسا داڕشتن نە ئاماژە بە پرەنسیپی ئایینیەوە دەکات و نە لەسەریەتی بەپێی نۆرم و یاسای ئایینی کاربکات و یاسا دابڕێژێت. بێگومان پێویستە دەزگای یاسادانان بیرلەوە بکاتەوە, کەوا یاسای پێشنیارکراو یا داڕێژراو چەند توانای جێبەجێکردنی هەیە و چەند کێشەی ئیتیکی دەگرێتەخۆی.

دیارە ئەوەی بارزانی دەیڵێت, وەکو ڕێکەوتنەکەی یاساکاتیەکەیە کە لە ئەرتیکلی 7 برگەی (ا) دا ئاماژەی بۆکراوە. ئەگەرهاتوو ئەوە بچەسپێت, ئەوا ئایین یاساییانە ڕێگای دراوە دەست لەکاروباری یاسادانانی ستات وەربدات و لە بواری جێبەجێکردنیشدا ڕۆڵی یاسایی دەبێت. بەمجۆرە نەک هەرتەنها ئایین لەستات جیانەکراوەتەوە, بەڵکو ڕۆڵیشی دراوەتێ. هەربۆیەش ئەو سیستەمە سیکولار نییە.

ئەو دەڵێت, *ئێمە هەمووماں موسوڵمانین*. ڕەنگە ئەو لەو ڕوانگەیەوە پێیوابێت, ئاساییە گەر ئیسلام یەکێ لە سەرچاوەکانی یاسادانان بێت. گەر بەو پێیە بوایە, دەبوایە بۆنمونە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا هەموویان پێیان ئاسایی بێت کەوا بایبل (ئنجیل) یەکێ لەسەرچاوەکانی یاسادانان بێت, چونکە

**ئەوانیش زۆرینەیان کریستیانن. ئاشکرایە ئەوان ڕێگای ئەوەیان نەداوە و بەڵکو پێیانوایە, ئەوە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە چەمکەکانی یەکسانی, ئازادی و مافەکانی مرۆڤ. ئەگەر ئەوان ئایینیان لە ستات جیاکردۆتەوە, ئەوە واتای ئەوە نییە ئەوان بۆیان نییە چیتر کریستیان بن. بەهەمان شێوە ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانن, بۆیان هەیە موسڵمان بن و پەیڕەوی بیروباوەڕی خۆیان بکەن, لە کاتێکدا ئایین تێکەڵی ستات نەکراوە و ڕێگای دەستێوەردانی لێگیراوە.**

**کردنی ئایینی ئیسلام بە سەرچاوەیەکی یاسادانان, زیان بە بوارەکانی ئازادی و یەکسانی چ لە ئاستی تاکدا یا لە ئاستی گروپ و کۆمەڵدا دەگەیەنێت. ئەنجامەکانی ئەو دیاردەیە زیانی کوشندە بە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵ و مرۆڤەکانی لە ئێستا و داهاتوودا دەگەیەنێت, بۆیە ئەو جۆرە لێکدانەوە و تێگەیشتنە لەبەرژەوەندی ئیسلامیستەکاندایە نەک گشت. ئەوەجگەلەوەی نایەکسانیەکی نابەرابەر بەرامبەر بە ئایین و بڕواکانی دیکە دروست دەکات[2].**

**دیارە گومان لەوەدا هەیە کەوا کورد بتوانێ ئەو سیستەمە سیکولارەی کە بەتەواوی ئایین لەستات جیا دەکاتەوە بەسەر شیعەدا بچەسپێنێ. هەروەها بەئەگەری زۆر شیعە پەسندی کەمتر لەوەی لە یاساکاتیەکەدا مۆرکراوە, ناکات و بەڵکو ئەوان هەوڵی بوونی ڕۆڵی زیاتری ئیسلام لەیاسای بنچینەییدا دەدەن. بۆیە ئەگەر لەئاستی ئێراقدا نەتوانرێ سیستەمێکی سیکولار بسەپێندرێت, دەبێ هەوڵ بدرێت ئەو سیستەمە سیکولارە لەئاستی کوردستاندا و لە یاسای بنچینەیی تایبەت بە کوردستاندا بسەپێندرێت. ئەگەر ئەوە نەکرێت, ئەو دیاردە خراپ و مەترسیانەی کە لە سەرەوە هێمامان بۆیان کرد بە راشکاوی هەن و خۆیان دەخەنەڕوو.**

**2005.3.22**

---

[1] چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی لە کوردستات تیڤی کە کاروان ئاکرەیی چەندرۆژێک لەمەوبەر سازیکردبوو

[2] لەسەر ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی کەمێ درێژم نووسیوە و هیوادارم بەمزوانە بتوانم بیکەمە کوردی و بڵاوی بکەمەوە